

## ئەدەبی کوردی

# قوربانیی جەنگەکان و بەدحاڵی بوونی مێژوویی

نزار ئاگری

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد

خوێنەرانی کلتوری کوردی دەزانن؟ دەبێت لە ئێستادا ئەم پرسیارە بکەین , بەتایبەت لەسەردەم و قۆناغێکدا، کەپرسی کورد لە ڕیزی پێشەوەی گفتوگۆو مشتومڕە سیاسیو مێژووییەکاندایە، پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عیراقو بەرەوپێشچونی بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردی کە دوای خاکو نیشتمانو مافی خۆی دەکات!

دوو ئاڕاستە هەن ڕەوشی کلتورو ئەدەبی کوردی دیاریدەکەن، کە لەناوەوەی وڵاتو تاراوگەدا گەشەیانکرد. جارێکیان شاعیری کۆچکردوی عیراقی «بلّند حەیدەری» دادوبێدای بوو لەدەست ئەو تەڵەزگەیەی بەردەوام خۆی تێدا بینیوەتەوە: (ئەویش ئەوەبوو شاعیرە عیراقیەکان، لەبەرئەوەی کوردبووە بەڕقێکی بێدەنگو شاراوەوە چاویان پێداهەڵهێناوە. شاعیرە کوردەکانیش خۆیان لێی لاداوەو قەرەی نەکەوتون، لەبەرئەوەی بەعەرەبی نوسیویەتی).

گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٢) کانونی دووەمی ٢٠١٤

ئەم قسەیە ئەگەر وابێت، یان نەنها شۆخیەکی ئاڵاو ئفت بێت، بۆخۆی ناجۆری ئەو پەیوەندیە ئاشکرادەکات، کەلەنێوان ئەدەبیانی کوردو عەرەبدا هەیە لە وڵاتێکی وەک عیراقدا. ئەم پەیوەندیە گوزارشتە لە بەدگومانیو باوەڕبەیەک نەکردنێکی پەنهانو شاراوە. ئەمەش بۆخۆی درێژکراوەی ئەو بەدبینییە گشتیە، کە لەیەکەم ڕۆژی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقیەوە دروستبووە، لە دوو قەوارەی جیاواز کە عیراقو کوردستانەو ئینتیدابی بەریتانی هەردووکیانی پێکەوە گرێدا، بۆئەوەی دەوڵەتی عیراقی مۆدێرنیان لێ دروست بکات.

لێرەوە جڵەوی حوکمڕانی کردنو بەڕێوەبردنی وڵات، درایە دەست عەرەبو کوردی لێ بێبەشکرا، سەروەختێکیش کوردەکان داوایانکرد شتەکان بەیەکسانیو چوونییە کی لەنێوانیاندا دابەش بکرێت، تۆمەتی خەڵکانی یاخیو ئاژاوەگێڕیان درایە پاڵ. بەمجۆرە دەقی ئەدەبی بوو بەچەقی کۆبوونەوەی ئەم بەدحاڵی بوونەو هیچ کەسێکیش لەڕێی بنەبڕکردنی هۆکارەکانییەوە، هەوڵی ڕەوانەوەی ئەو بەدحاڵی بوونو بەدبینیانەی نەدا. ئەو گردبوونەوە ناچاریە لەسەر ئاستی دەوڵەت، بوو بەدەروازەیەک بۆ دابڕانی دەرونی لەسەر ئاستی خەونو خۆزگە دنیابینی.

ئەوەی گرنگو کاری پێویست بوو، ڕێگرتن بوو لەو دابڕانە دەرونیو ویژدانییە . دەبوو پێکەوەبوونێک چێ بکرێت، بەخواستو ویستی هەردوولابێت، تا دەست لەملانێ شوێنی ئەرێزکردنو ڕق لێبوونەوەی بگرنایەئەوە، بەڵام کەس بەم ئاڕاستەیە بیرینەکردەوەو هەرلایەو ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد، کەخۆی بەڕاستی دەزانیو باوەڕی پێی هەبوو. بە کورتیەکەی هەریەکەو لەهەوڵی ئەوەدابوو ئەوی دی وەلاوەبنێت. دواجار سیاسەت بەسەر ئەدەبدا زاڵا بوو. ئەدیبی هەردوولا چونەوە ئامێزی گروپەکەی خۆیانو ئەو کۆسپو دیوارانەی لە واقیعدا دروستکران، گواسترانەوە بۆ سەرزەمینی ئەدەب. دەقە نوسراوەکانی پڕبوون لە دیوار.

ئەدیبی هەردوولا بوونە قسەکەری گروپەکانیانو هەڵگری بەیداخەکانیان، بێ ئەوەی دەربایسی زمانو کلتورو خواستو ویستی ئەوی دی بێت.

بۆنمونە زۆرێکی زۆر لە نوسەرانی عەرەبی عیراقی سەریانکردە سەر عروبە، بۆخاتری ئەوەی ئەوە لە کێشەو سەرقاڵیەکانی جۆراوجۆری زمانو فرە کلتوری بیان پارێزێت. بەمجۆرە عیراق لای ئەم نوسەرانە بوو بە کێڵگەیەکی عەرەبی بێگەردو درێژبووەوەی سەرزەمینی پانو پۆڕی عەرەب. لەم سەروبەندەدا کەس دەربایسی بەشەکەی دیکەی جەستەی عیراق نەبوو، کە کوردستان بوو. ئەم بەشە وەک شوێنێکی دورە دەستو پەنهان مایەوەو نەبوو بە زادێکی فیکریو ڕۆحی بۆیانو تێکەڵاو بەویژدانو هەستو سۆزیان نەبوو، وانە کوردستان هەروەک پەراوێزێکی نەریکو لاوەکی مایەوە کەهیچ ئامادەگیەکی نەبوو.

شاعیرانی عەرەبی عیراق وەک وڵاتێکی سەرومڕ عەرەبی، کەوتنە گۆرانی وتن بەباڵای عیراقداو مێژوی کۆنی وڵاتیشیان کردە

پاڵپشتێک بۆ پاساودانەوەی ئەو بۆ چوونەیان.

بۆنمونە شاعیرێکی وەک «بــەدر شاکر سەیاب» کە لە شیعرەکانیدا پەنا بۆ (عەشتارو ئەموزو ئەدۆنیس) دەبـات، بۆئەوەیە بیانکاتە بەڵگە نەویستێک لەسەر ڕەسەنایەتی ئایدیای عەرەبی‌و دڵنیابوون لە ڕەگـەزی سامی کە لە سەردەمی بابلی‌و ئاشوریەکانەوە درێژ دەبێتەوە، تا بەساتەوەختی ئـەو دەگـات. ئەڵبەت لەم بۆچوونەدا «سەیاب» بەتەنها نییەو شاعیرانی دیکەشی لەگەڵدایە. «فرفەر نەواب» یەکێکیانە کە کێشەو خەمەکانی بە بەرگێکی عەرەبی زەق‌و زۆپ بەیان دەکات.

عیراقی بوونی «مزەفەر نەواب» سەرشارە بەخواست‌و دنیابینییەکی عروبیانەی ڕون‌و ڕەوان. ئەوەتا ڕوی دەمی شیعرەکانی تەنها لە عەرەبەو بۆ ئێش‌و ئازارەکانیان بـەداخـەو بەخۆشی‌و بەختەوەریەکانیان کامەرانە، هاوکات خەریکی ئەژمارکردنی سەرکەوتنەکانیان‌و شکستەکانیانەو گۆرانی بۆ ڕابردویان‌و دەشت‌و دۆڵ‌و ڕوبارەکانیان دەچڕێت، هانیاندەدات کارابن‌و سستی‌و تەمبەڵی لە گۆڕنێن. هیچ شتێکی کوردی لە نوسینەکانی ئەم شاعیرەدا بەدی ناکەین.

لـەو دیـوانـە بچوکەیدا کـەنـاوی (وتریات لیلیە)یە، وشەکانی بۆ ڕەوشی عەرەب خەمیان لێدەچۆڕێت، ئەو عەرەبانەی میراتگری (بەرەی یەرموکن) لەدەست ئەو زوڵم‌و ستەمەی خەڵکی ئەهواز بەدەست ئەو فارسانەوە دەیچێژن کە عەربستانیان داگیرکردوە، هەرچەندە دارخورمای ئەو سەرزەمینە عەرەبییە، بەڵام بەیەک وشە چییە باسی کوردو ئەو زوڵم‌و ستەمە ناکرێت، کە لێیان دەکـرێـت. وشەیەکی نییە بڵێت شاخ‌وداخەکان خاک‌و نیشتمانی کوردەکانە. کەس قەرەی ئەفسانە کوردیەکان نەکەوت، بۆئەوەی لە دەقەکانیاندا جێیان کەنەوە. ئەمەش بۆخۆی وایکرد وێنەکە بشێوێت‌و پەیوەندیەکان ئاڵۆزو دژواربێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا شاعیری کورد شانی بە شەڕێکی بێدەنگدا کرد، شەڕێک کە دەیزانی لە بەرژەوەندی ئەودانییە، بەڵام بۆ بەرگرتن بەو هێرشە ڕەگەزپەرستانە توندوتیژەی ئەوقی دەدا، نوسەری کورد چووەوە ئامێزی گروپەکەی خۆی‌و هێزو توانای لەوەوە وەردەگرت. پردی پەیوەندییەک نەما، ئەتانەت دەتوانین بڵێین ئەو پردە هەر لەو چرکەساتەوە ڕما کە قەوارەی سیاسی لە عیراقدا دامەزرا، بەجۆرێک جڵەوی حوکمڕانی درایە دەستی لایەک‌و لاکەی دیکەش پەراوێزخرا.

لێرەوە ئەدیبی کورد لە هەوڵی ئەوەدابوو خۆی بۆ بەرگرتن بەو هەڕەشەو مەترسیانە ئەیاربکات. مەترسی ئەوەی زمان‌و یادەوەری‌و مێژووی تایبەتی خۆی لەدەستبدات.

نوسەری کورد فۆبیای ئەوەی بۆدروستبوو، کە هەوڵێک لە گۆڕێدایە، بۆئەوەی چوارچێوەی دەقی نوسراو وەدەربنرێت.. ئەنگێزەی شەڕو ململانێکان گەیشتە ناوفەزای نوسین. ئەگەر جەنگ برینی بێت لە توندوتیژیەکی مادیانەو ئەو توندوتیژیەش خواستی لایەنێک بێت بۆ ڕیشەکێشکردن‌و سڕینەوەی لایەنەکەی دیکە، ئەوا نوسینیش لای خۆیەوە دەبێت بەجەنگ‌و ئەویش هەمان کەرەستەکانی توندوتیژی مادی لە سڕینەوەو پایە ماڵکردنی ئەوی دی دەخوازێت‌و لەبواری بیرکردنەوە پرۆسەی نوسیندا بەگەڕیان دەخـات. سەروەختێک جەنگ لەسەر زەمینی واقیع ترس‌و بیم دروستدەکات، ئەوا هەستکردن بەو ماڵوێرانی‌و ترسە زۆرە پەلدەکێشێت بۆ ناو دێڕ بەدێڕی دەقەکان.

نوسەری کورد هەوڵێکی زۆر بەخەرج دەدات، بۆئەوەی ئەو تەوقە بشکێنێ کە دەوریداوە. تەوقی فەرامۆشکردن‌و دەرکردنی لەکایەی ئامادەبوون. دەیەوێت ئەو بێدەنگییە ڕاماڵێ‌و ببێتە خاوەن دەنگی تایبەت بەخۆی، دەنگێک ئـەوی دی پەلکێش کات بۆ شوێنێک، گوێبیستی بێت. هەستکردنی نوسەری کورد بەوەی وەدەرنراوەو کەس دەربایسی نییە، هەستێکی ترسناکە. ئەم

ململانێ بێدەنگو قورسەیە کلیلەکانی جەنگ دەگەیەنێتە دەرگاکانی نوسین. لێرەوە نوسین دەبێتە سیمایەکی دیکەی سیماکانی جەنگو دەق وەکی چەکی لێدێت. نوسەری کورد بەدوای وێنەی خۆیدا وێڵەو ئەو وێنەیەش لەسیمای نەیارەکەیدا دەبینێتەوەو دەکەوێتە لاسایکردنەوەی، وائە هەوڵدەدات لەڕێی لاسایکردنەوەی ئەوی دیەوە (کە حەزی بەچارەی نییە)، لەخۆی هەڵبێت.. ئینر نوسین وای لێدێت دەکەوێتە داوای ئەوشتانەی لە دەرەوەی خۆیدان: (دەمارگیریو شوناسو ئینتیماو ئایدیۆلۆژیا). بەم پێیەش ئەدیبی کورد ناچاردەبێت خەونو خولیایەک لە جیهانی نوسیندا جێبکاتەوە، کە چەندین فرسەخ لە پرۆسەی نوسینەوە بەدورن. ئەمەش وای لێدەکات ببێتە زمانحاڵی ئەو ئایدیایانەی لەگەڵ نۆرمو بەهاکانی ئەدەبدا یەک نایەنەوە. بۆ نمونە شاعیرێکی وەک «شێرکۆ بێکەس» ڕوگیرنابێت گۆرانی بەباڵای سەرکردەیەکی کورددا بڵێت، کە ئیشی ئیرۆرکردنی نەیارەکانی بووەو پەرۆشی ئەوەبووە ڕۆحی کۆیلایەتیو کرنوشبردن لەناو شوێنکەوتوانیدا بچێنێو بەمەش ناچاریان بکات وەک کارەکتەرێکی موقەدەس سەیری بکەن.

بەمجۆرە لەبەرامبەر دیکتاتۆری گەورەدا (دیکتاتۆری ئەوانی دی)، ڕەواج بە دیکتاتۆرە گچەکەکەمان دەدەین، کەهێشتا دەسەڵاتی نەگرتوەتە دەست. ئەم سەرکردەیە ئەوەندەی بەس بوو بەناوی نەتەوەکەیەوە دەنگ هەڵبڕێ، بۆئەوەی شاعیری نەتەوە هوتافی بۆبکێشێتو ناوی بەرزڕابگرێت.

جەنگە بێماناکانو بەدحاڵی بوونی بەردەوام، خراپترین کارگەریان لەسەر نوسینی کوردی بەجێهێشت. ئەم گێلو گەوجییە سەریانکێشایە ناو دەقو هەموو توانستێکی تێدا مەحفکردەوە. دەقو نوسینی ئەدەبی کوردی لە کەنارەکانی توندوتیژیو لەژێر دوکەڵی جەنگەکاندا چاوی کردەوە. دەرەنجامی ئەمەش وایکرد زبریو توندوتیژی بەناخیدا ڕۆبچێت. لە پۆسنەرە شیعرێکی «شێرکۆ بێکەس»دا، چوار منداڵ پێکەوە کۆدەبنەوە ئاوێنەی پیاوێک بکێشن. یەکەمیان کەو (تورکیە) سەری بۆ دروسندەکات .

دووەمیشیان (عەرەبە)و سێیەمیان (فارسە)، بەڵام چوارەمیان کە (کوردە) تفەنگێک دەکاتە شانی. داڵغەی جەنگو هۆگریی چەک دەبنە پەئایەکو هەڕەشە لە منداڵی دەکەنو پاکیو بێگەردی ئەنک دەکەن. شاعیر بەو شیعرەی دەیەوێت بڵێت: (کورد کە لەدایک دەبێت چەکی بەشانەوەیە، لەبەرئەوەی بارودۆخ ناچاری دەکات بەوە).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دووفاقێتییەی شاعیری ئێکەوێتو بێئاگایە لێی، ڕوونو ئاشکرایە. بیرۆکەی ئەو پۆسنەرە شیعرە پێماندەڵێت کورد لەهەمووکەس زیاتر عاشقی ئامرازەکانی توندوتیژیە. لەبری ئەوەی ئەو منداڵە کوردە، چەک بکاتە شانی ئەو پیاوەی منداڵەکانی دی بەڕاسنگۆیو بەبێ ڕەتوش دروسنیانکرد، چاکتر وابوو ئەگەر یەکێکی دیکەشیان چەکی لەشان بکردایە، ئەم ئەو چەکەی لەشان داگرتایە.

لێرەدا دەبینین چۆن شیعر بێئەوەی بەخۆی بزانێت، خیانەت لەخۆی دەکات. شاعیریش کە بەدوای لۆژیکی جەنگدا دەچێت، ئەوا هەرچی هەیە لەو کلاکێتەی دادەماڵێتو وشەکانیش بەرقێکی نهێنی بارگاوی دەکات.

بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوی دی نزیک بوونەوەو لێک حاڵی بوون ڕەتدەکانەوە.. بۆئەمەش پێویسنە زەمینەیەکی نوێ بسازێنینو بنەمایەکی تازە دروسنبکرێت، بەجۆرێک ترسی تێدا ئاوابێتو حەزو خواسنی ئەوە جێی بگرێتەوە، کە هەریەکەو لەیەککاندا خۆی بێتو ئەوی دیکەش بێت. ئەگەر مەسەلەکە هەرلەسەرەتاوە بەو جۆرە بوایە، شاعیری کۆچکردو «بڵند حەیدەری» خۆی لەوتەنگەژەیەدا نەدەبینییە وە.

- **سەرچاوە :**
پاشکۆی (افاق) ڕۆژنامەی (الحیاە)